کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 20:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ ئەوەی ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵک باشتر ڕاستی لێدانی (تاریق فاتیح) بزانن ... ئامێد سلیمان**

ڕوونکردنەوەیەکی تر سەبارەت بە سایتی هاوڵاتی و کاک نەبەز گۆران دەربارەی لێدانی خاوەن ئیمتیازی هاوڵاتی. دوای ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی تەواوم بۆ خەڵک بڵاوکردەوە لە سایتە ئەلیکترۆنیەکان سەبارەت بەلێدانی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی هاوڵاتی و وتارەکەی کاک نەبەز گۆران کە تەواوی کێشەکەو شەڕەکەم بەئەمانەتەوە ڕوونکردەوە بۆ خەڵک دوێنێ 14-10-2007 سایتی هاوڵاتی نەبەز گۆران ڕونکردنەوەیەکیان سەبارەت بەڕوونکدنەوەکەی من بلاوکردۆتەوە گوایە خەلکم چەواشەکردووەو ئەو زانیاریانیەی من بلاوم کردۆتەوە دورە لەڕاسیەوە بەلکو لێدانی (تاریق فاتیح) پلانی پێشوەخت بووەو چاوەڕێین تا ئاسایشی سلیمانی لێکۆلینەوە دەکات بۆیە لێرەدا بۆجاری دووەم بۆهەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی دەلێم ئەوە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و سایتی هاوڵاتی یە خەلك چەواشەدەکات کە بەچەند خالێك ئەم چەواشە کاریانە ڕووندەکەمەوە:

1- کاک تاریق فاتیح و کاک کاژاو جمال لەسەر داوای هیچ کەسێك و لایەنێك (داوەت) یان داوا نەکراون بۆ ریستورانتی کانی بەلکو بە ئارەزووی خۆیان هاتوون و لەسەر مێزێك بەتەنیا دانیشتون وە منیش لەسەر داوای هاوڕێیەکم بەناوی کاك (جەمال پیرە) هاتوومەتە ریستورانتی (کانی) واتە کەسمان ئاگاداری یەکترنین لەچونمان بۆ (کانی) بەرێکەوت یەکترمان لەوێدا بینیوە. دوای تێپەرینی کاتێکی زۆر کاك تاریق و کاك کاژاو داوای من و کاك جەمال پیرەیان کرد کە بچینە لایان و هەندی گفتو گۆ بکەین لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی دوای تێپەرینی ئەو هەموو کاتە لە تاریق نەدرا کە ئەوانەی لێشیاندا ئەو هەموو کاتە لەوی دانیشتوون و هیچ قسەکیشیان بەکەس نەوتووە تا ئەو کاتەی کە لەنێوان من و کاك تاریق و کاك کاژاو دەمەقالی و جنێوەکانی تاریق بەسەرکردەکان و شەڕ دروست نەبوو؟ ئەگەر ڕاستەوخۆ کەسە نادیارەکان هێرشیان بکردایە سەر تارق فاتیح بەبی بوونی جنێوەکانی تاریق و پەلاماردانی من ئەوکاتە ئەمان ووت بەلی ئێوە ڕاستدەکەن ئەوە پیلانێکی پێشوەختە بووە. بەلام ئەوانە کەلێیاندا دوای جنێوەکانی تاریق و پەلاماردانی من و بریندارئبونی من بەسوکی و وە تێپەرینی نزیکەی 5 دەقیقەش دوای پەلامارەکەی تاریق بۆ من ئینجا لەتاریق درا. جگە لەوەش هیچ پێویست ناکات بلێن تاریق جنێوی نەداوە بەسەرکردەکان چونکە ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەوانەی کە لێشیاندا تەنها لەبەر ئەم جنێوانە بوو لەکاتی مناقەشە کردنی لەگەڵ مندا.

2- سەبارەت بەڕوونکردنەوەکەی نەبەز گۆرانیش لەسایتەکان دوای بلاوبونەوەی ڕوونکردنەوەکەی من لەسەر تەواوی کێشەکەو ووتارەکەی نەبەز گۆران کە بەناحەق ئاسایشی یەکێتی تاوانبارکرد بەبی ئەوەی هیچ پەیوەندیکی بەوانەوە هەبێت پێم باشە وەلامێکی تری بدەمەوە بۆ ئەوەی باشتر بزانێت ڕاستیەکان لەکوێن و بەدواداچونی ڕۆژنامەوانی چۆنە. کاك نەبەز دەلێت من بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانیم کردووە لە کاتێك دا دوای بلاوبوونەوەی وتارەکەی لە کوردستان پۆست من تەلەفۆنی ئەوم کردووە نەك ئەو بۆمنی کردبێت تابەدواداچوونی بۆ کردبێت پێش نوسینی وتارەکەی ئەگەریش نەیزانیوە من لایەنێکم لە ناو کێشەکەدا ئیتر دەبی بەدواداچونی چی کردبێت؟ وە دوای بلاوبونەوەی ڕوونکردنەوەکی کاك نەبەزیش ڕای منی وەرنەگرتوە واتە پێش بلاوبوونەوەی ڕوونکردنەوەکەی من و دوای بلاو بوونەوەی ڕوونکردنەوەکەی ئەو لەسەر من (نەبەز گۆران) ڕای منی وەرنەگرتوە کەمن ڕاشم گەیاندوە من لایەنێکم لەناو کێشەکەدا وەتاریقیش لایەنێکە و ئەوانەی کەلێشیانداوە لایەنێکی ترن.

3- کاك نەبەز ئەلێت (ئەگەر ئەوانەی لە تاریق یان دا سەر بەهیچ دەزگایەك نین و بۆچی پۆلیس دەستگیری کردن و یەکسەر ئازادی کردون لەکاتێکدا تاریق بەسەختی بریندارە) کاك نەبەز ئەوە بزانە ئەوانە دەستگیر نەکراون تا ئازاد بکرێن ئەوەی کەئەشلێت دەستگیرکراون و ئازاد کراون بابچێتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەرتی پۆلیسی سەرا ئاخۆ کەسیان دەستیگرکردووەو ئازادیان کردبێت؟ نازانم ئەم قسە حەلەق و بەلەقانە لەکوێ دێنن؟ ئەوانەی کەلێیانداوە رایانکردوە هەروەك لەروونکردنەوەکەش روونمان کردۆتەوە.

4- کاك نەبەز حەق بەخۆی ئەدات باسی کێشەکە بکات و وتارێکی بێسەروبەریشی لەسەر بنوسێت بەلام بەمن دەلێت ئەگەر لاینێك نیت لەناو کێشەکەدا ئەوا حەقت نیە باسی بکەیت. بەراستی قسەیکی زۆر کۆمیدیە کە من راشم گەیاندوە وەکو شەخسی خۆم من لایەنێکم لەناو کێشەکەدا جگە لەوەش کاك نەبەز نەووجودی هەبووە لەکاتی شەرەکە لە ریستورانتی کانی نە لایەنێکیشە کەچی باس لەکێشەکەشدەکا بەناحەق و دوور لە راستی تەنها لەبەر ئەوەی کە کاك تاریق هاورێیەتی و سەردەمانێکیش لە رۆژنامەی هاولاتی کاریکردووە.

5- لەکۆتایدا دووبارەو سەد بارەشی دەکەمەوە رۆژنامەی هاولاتی ئەم کێشەیەی وەکو خەبەرێك زۆر زۆر بەهەلەو چەواشەکاریەوە بلاوکردۆتەوە و وەئەوانەی کە لە کاك (تاریق فاتیح) یانداوە بەهیچ مەبەستێکی سیاسی یان ئەوقسە کۆمیدیەی سایتی رۆژنامەی هاولاتی کەدەلێن پلانی پێشوەختە بەلکو تەنها لەبەر ئەو جنێوانە بوو کە بەسەرکردەکانی دا و هیچی ترنەبوو.

ئامێد سلیمان
بەرێوەبەری کۆمپانیای نێوەند بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
2007- 10-15
amedsulaiman@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.